چرای ئازادی

# جاڕنامەی سەربەخۆیی

# ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا

# 4ی تەمموزی 1776

کاتێک لە مەجرای روداوە مرۆییەکاندا پێویستی ئەوە سەرهەڵدەدات گەلێکی دیاریکراو ئەو گرێبەندە سیاسیانە هەڵبوەشێنێتەوە کە بەیەکێکی دیکەوەی دەبەستێت، هەروەها لە نێو دەسەڵاتەکانی سەر زەمیندا بەدوای ئەو پێگە لێکجودا و یەکسانەدا بگەڕێت کە یاساکانی سروشت و خودای سروشت وەک ماف پێیبەخشیون، رێزگرتنێکی شایستە بە بیروڕای مرۆڤایەتی ئەو ئەرکە دەخاتە ئەستۆیان کە ئەو هۆکارانە بەیان بکەن کە ناچاریکردون جیاببنەوە.

ئێمە ئەو راستییە بە بەڵگەنەویست دەزانین کە هەموو پیاوەکان بە یەکسانی خولقێنراون، کە لەلایەن خولقێنەرەکەیانەوە هەندێک مافیان پێدراوە کە ناکرێت لێیان جودابکرێنەوە، لەو مافانەش مافی ژیان و ئازادی و بەدەستهێنانی بەختەوەریە.

بۆ پاراستنی ئەو مافانەش، حکومەت دادەمەزرێت لەنێو خەڵکدا، کە دەسەڵاتی رەوای لە رەزامەندی حوکمکراوەکانییەوە وەردەگرێت.

هەرکاتێکیش هەرشێوازێک لە حکومەت بوو بە مایەی وێرانکردنی ئەو ئامانجانە، ئەو کات مافی گەلە کە بیگۆڕێت یاخود هەڵیبوەشێنێتەوە، و لە جێگەی حکومەتێکی نوێ دابمەزرێنێت کە بناغەکەی بەندبێت لەسەر پرەنسیپ و رێکخستنی دەسەڵاتەکانی بەشێوەیەک کە لەلای خەڵکەکە ئەگەری زیاتری ئەوەی لێبکرێت کە کاریگەری دەبێت لەسەر سەلامەتی و بەختەوەرییان.

لەراستیدا، تێڕوانینی ژیرانە ئەوەمان پێدەڵێت کە ئەگەر حکومەتێک کە بۆ ماوەیەکی درێژبێت دامەزرابێت، پێویست نیە بگۆڕدرێت لەبەر هۆکاری سەرپێی و بچوک. لەسەر هەمان رێڕەویش، سەرجەمی ئەزمونەکان ئەوەیان پیشانداوین کە مرۆڤایەتی مەیلی چێشتنی مەینەتی زیاتر دەکات لەکاتێکدا شەرانگێزی تەحەمول کراوە، وەک لەوەی هەوڵی گۆڕینی ئەو شێوازە بدات کە لەسەری راهاتووە.

بەڵام کاتێک کە رستێک لە زەوتکردن و بەدکرداری لە ئارادا بێت، کە بێجیاوازی لەسەر هەمان رێڕەوبێت کە بەڵگەی ئەو پلانەیە کە دەیەوێت بیانخاتە ژێر فەرمانڕەوایی رەهاوە، ئەو کات ئەوە مافی ئەوانە، ئەو کات ئەوە ئەرکی ئەوانە کە حکومەتێکی ئاوەها تورهەڵبدەن و پاسەوانی نوێ بهێننە مەیدان لەپێناوی ئاسایشی داهاتویاندا. ئەمە مەینەتی ئەم کۆلۆنییانەبووە[1]، ئێستاش ئەمە ئەو پێویستییەیە کە ناچاریان دەکات سیستەمی پێشوی حکومەتەکەیان بگۆڕن.

مێژووی پاشای ئێستای بەریتانیای مەزن مێژوویەکە پڕیەتی لە زەرەگەیاندن و بەدکرداری، کە هەموویان بە ئاراستەی دامەزراندنی ستەمکارییەکی رەها لەم ویلایەتانەدا گوزەر دەکەن. بۆ سەلماندنیشی، با راستییەکان لەبەردەم جیهاندا بدوێن.

ئەو[2] ئەوەی رەتکردەوە کە پابەندی یاسا بێت، کە بەسودترین و گرنگترین شتە بۆ چاکەی گشتی.

ئەو رێگەی لە فەرمانڕەواکانی خۆی گرتوە لەوەی یاسا هەنوکەیی و هەرەگرنگەکان دەربکەن، دوایان بخات تا ئەو کاتەی ئەم رەزامەندیان لەسەر دەدات، کاتێکیش دوادەخرێن، ئەم بەتەواوی پشتگوێیان دەخات.

ئەو ئەوەی رەتکردۆتەوە یاسای دیکە دەربکات کە تایبەتبن بە ناوچەی فراوانی دانیشتوان، هەتاکو ئەو خەڵکانە واز لە مافی نوێنەرایەتیکردنیان دەهێنن لە دەستەی یاسادانانَدا، ئەو مافەی کە بۆ ئەوان پڕ بەهایە و بەتەنها بۆ ستەمکار مایەی نیگەرانییە.

ئەو دەستەی یاسادانەرانی لە شوێنی وا کۆکردۆتەوە کە نەشیاو ناباو و دورە لە دەستراگەیشتنیان بە تۆمارە گشتییەکان، تەنها لەبەر ئەوەی تاقەتیان لەبەر ببرێت و ناچاریان بکات گوێڕایەڵی پێوەرەکانی بن.

ئەو بەردەوام ئەنجومەنەکانی نوێنەرانی هەڵوەشاندۆتەوە، لەبەر ئەوەی بە خۆراگرییەکی پیاوانەوە بەرەنگاری داگیرکارییەکانی ئەو بونەتەوە بۆ سەر مافەکانی خەڵک.

ئەو بۆماوەیەکی درێژخایەن، دوای ئەو هەڵوەشاندنەوانە، رێگەی نەدا کەسانی دیکە هەڵبژێردرێن.

دەرئەنجام دەسەڵاتی یاسادانان، کە ناکرێت هەڵبوەشێنرێتەوە، گەڕایەوە بۆ خەڵک بۆ ئەوەی پەیڕەویان بکەن. لەو کاتەدا بارەکە لەبەردەم مەترسی داگیرکاریی دەرەکی و گرژیی ناوخۆییدابووو.

ئەو هەوڵی ئەوەی دا رێگە لە دانیشتوانی ئەم ویلایەتانە بگرێت، بۆ ئەم مەبەستەش ئاستەنگی خستنە بەردەم یاساکانی بەهاوڵاتیبوونی بیانییەکان، رازیینەبوو یاسای دیکەش دەربکات بۆ هانی کۆچکردنیان بەو ئاقارەدا، هەروەها زیادکردنی مەرجی نوێ بۆ تەرخانکردنی زەوی .

ئەو رێگریکرد لەبەردەم بەڕێوەبردنی دادپەروەریدا، لە رێگەی رەزامەندی دەرنەبڕینییەوە لەسەر یاساکان بۆ دامەزراندنی دەسەڵاتە دادوەرییەکان.

ئەو کارێکی وەهای کرد دادوەرەکان *بەتەنها* پابەندی ئیرادەی خۆی بن، لە بەڕێوەبردنی نوسینەگەکانیان و بڕو و پێدانی موچەکانیان.

ئەو چەندین نوسینەگەی قوتکردەوە، هەروەها چەندین پۆلی لە فەرمانبەران رەوانەکرد بۆ بێزراکردنی خەڵکەکەمان، و ماشینەوەی ئەوەی هەیانبوو.

ئەو لە کاتی ئاشتیدا سوپا ئامادەکانی لەنێو ئێمەدا هێشتەوە بەبێ وەرگرتنی رەزامەندی یاسادارێژەرانمان.

ئەو کارێکی وای کرد کە سوپا بگۆڕێت بۆ شتێک کە سەربەخۆ بێت لە دەسەڵاتی مەدەنی و باڵاتریش بێت لێی.

ئەو هاوبەش لەگەڵ کەسانی دیکەدا ئێمەی خستە بەر رەحمەتی یاساگوزاریەک کە بێگانەیە بە پیکهاتە و حوکمی ئێمە، و لەلایەن یاساکانی ئێمەوە دانپێدانەنراون، رەزامەندی خۆی بەخشیە کردارە خۆبەیاسادارێژەر دانەرەکانیان.

لەبەر جێگیرکردنی دەستەی زۆری هێزی چەکداری لەنێوماندا:

لەبەر پاراستنیان، لەرێگەی داداگاییکردنی گاڵتەجارییەوە، لە سزدان لە پای هەر پیاوکوژییەک کە بەرامبەر دانیشتوانی ئەو ویلایەتانە ئەنجامیان بدانایە:

لەبەر بڕینی بازرگانیکردنەکانمان لەگەڵ هەموو بەشەکانی دیکەی جیهاندا:

لەبەر سەپاندنی باج بەسەرماندا بەبێ رەزامەندیمان:

لەبەر بێبەشکردنمان لە زۆر باردا لە سودەکانی دادگایی لەرێگەی دەستەی دادوەرانەوە:

لەبەر گواستنەوەمان بۆ کیشوەرەکانی دیکە بۆ دادگاییکردنمان لەسەر پێشێلکاری دروستکراو:

لەبەر هەڵوەشاندنەوەی سیستەمی ئازادی یاسای ئینگلیزی لە هەرێمێکی دراوسێمان[3]، و لە جێگەی ئەو دامەزراندنی حکومەتێکی هەرەمەکی، و بەرفراوانکردنی سنورەکانی بە رادەیەک کە بیان کاتە نمونەیەک و ئامرازێکی شیاو بۆ سەپاندنی هەمان حوکمی رەها بەسەر ئەم کۆلۆنیانەشدا:

لەبەر زەوتکردنی کۆیاساکانمان[4]، هەڵوەشاندنەوەی پربەهاترینی یاساکانمان، هەروەها گۆڕینی بنەڕەتییانەی شێوەی حکومەتەکانمان:

لەبەر هەڵپەساردنی ئەنجومەنی یاسادانانی خۆمان، و وەها خۆیان بەیانکرد کە دەسەڵاتیان پێدراوە یاسامان بۆ دابڕێژن لە هەر بارودۆخێکدا بێت:
ئەو وازی لە حکومەتی ئێرە هێناوە لەرێگەی راگەیاندنی ئەوەی کە ئێمە لەژێر پارێزگاریی ئەودا نەماوین و بەرپاکردنی شەری لە دژمان:

ئەو دەریاکانی تاڵانکردووین و کەنارەکانی تێکوپێکداوین، شارەکانی سوتاندووین و هەروەها ژیانی گەلەکەمانی وێرانکردووە.

ئەو لەم ساتەدا خەریکی گواستنەوەی سوپای گەورەی بەکرێگیراوە بیانییەکانە بۆ تەواوکردنی کارەکانی مەرگ و خاپورکردن و ستەمکاری. بە بارودۆخی دڵرەقی و خیانەتکاری دەستپێکردوە کە بە دەگمەن هاوشێوەی هەبووە لە بەربەرێترینی سەردەمەکاندا، و بەهیچ شێوەیەک ئەو شایستەی سەرۆکی دەوڵەتێکی شارستان نیە.

ئەو هاونیشتمانییانمانی، کە لە دەریا دەستگیرکراون، ناچارکردوە کە چەک هەڵبگرن لەدژی وڵاتەکەیان، بۆ ئەوەی ببنە جەلادی هاوڕێ و براکانیان، یاخود خۆیان بەدەستی ئەوان بکوژرێن.

ئەو یاخیبوونی ناوخۆیی لەنێوماندا وروژاندوە، و هەوڵیداوە ئەو هیندیە دڕندە بێبەزەییانە بهێنێتە سەر جێنشینانی ئەوپەڕی وڵات، ئەو هیندیانەی کە ڕێسای زانراویان لە شەڕدا بریتیە لە خاپورکردنی بێجیاوازی سەرجەم تەمەن و رەگەز و دۆخەکان.

لە هەموو قۆناغەکانی ئەم سەرکوتکردنانەدا، ئێمە یاداشتی نارەزاییمان بەرزکردۆتەوە بە بێفیزترین شێوە: یاداشتە یەک لەدوای یەکەکانمان تەنها بە ئازار و زەرەری زیاتر وەڵامدراونەتەوە. میرێک، کە کەسایەتیی هەموو ئەو خوسڵەتانەی تێدا بێت کە ستەمکارێکی پێدەناسرێتەوە، شایانی ئەوە نیە فەرمانڕەواوی گەلێکی ئازاد بێت.

نە ئەوەتاش بوینەتە جێگەی سەرنجی برا بەریتانیەکانمان. ئێمە چەندین جار ئاگادارمانکردونەتەوە لەو هەوڵانەی یاسادانەرانیان داویانە بۆ فراوانکردنی دەسەڵاتی ناڕەوای فەرمانڕەواییان بەسەر ئێمەدا. بارودۆخی کۆچکردن و نیشتەجێبوونمان بۆ ئێرە وەبیرهێناونەتەوە. هانامان بردۆتە بەر دادوەری و جوامێریی خۆرسکیان، و بە برایەتی نێوانمان سوێندماندااوون کە خۆیان بێبەریبکەن لەو تەعەدایانەی کە بێگومان دەبنە مایەی پچراندنی پەیوەندییەکانمان و گفتوگۆکانمان. ئەوانیش بەهەمان شێوە گوێی خۆیان لە ئاست دادپەروەری و برایەتیدا کەڕ کردوە.

لەبەر ئەوە پێویستە ئێمە، وەک ملدان بۆ زەرورەت، کە جیابونەوەمان رادەگەیەنێت، و ئەوان، وەک سەرجەم مرۆڤایەتی، بە دوژمن لە کاتی جەنگدا و بە دۆستیش لە ئاشتیدا، تەماشابکەین.

بۆیە ئێمە، نوێنەرانی ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا، کە لە پەرلەمانی گشتیدا کۆبوینەتەوە، پەنا بۆ دادوەری باڵای جیهان دەبەین لەبارەی رەوایی نیەتەکانمانەوە و بە ناو و دەسەڵاتی خەڵکە باشەکانی ئەم کۆڵۆنیانەوە، بە کەرامەتەوە رایدەگەیەنین و بڵاویدەکەینەوە کە ئەم کۆڵۆنییە یەکگرتووانە سەربەستن و مافی ئەوەیان هەیە کە دەوڵەتی سەربەست و سەربەخۆبن. و لە هەموو هاوپەیمانییەک لەگەڵ کۆشکی شاهانەی بەریتانیا سپێردراون، هەروەها هەموو پەیوەستییەکی سیاسی لەنێوانیان و دەوڵەتی بەریتانیای مەزندا پێویستە و بەتەواوەتی هەڵوەشاونەتەوە.

هەروەها وەک ویلایاتی سەربەست و سەربەخۆ، دەسەڵاتی تەواویان هەیە بۆ بەرپاکردنی جەنگ، وەدەستهێنانی ئاشتی، بەستنی هاوپەیمانێتی، دامەزراندنی بازرگانی، هەروەها کردنی هەموو ئەو کردەوە و شتانەی کە دەوڵەتانی سەربەخۆ مافی کردنیانیان هەیە.

هەروەها بۆ پشتگیریکردنی ئەم راگەیاندنە، بە پشتبەستنێکی پتەو بە پارێزگاریکردنی ئیلاهی، ئێمە بەکۆمەڵ بەڵێنی بەختکردنی ژیان و سەروماڵ و شەرەفی پیرۆزمان بە یەکتردەدەین.

*1-کۆڵۆنیەکان بریتین لەو 13 ویلایەتەی ئەمەریکا کە دەکەونە باکوری خورهەڵات و یەکەمین ویلایەت بوون سەربەخۆییان راگەیاند و پاشان بونە بناغەی دامەزراندنی ئەوەی ئێستا بە ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمەریکا ناسراو.*
*2-مەبەست لە ئەو، جۆرجی سێهەم (1738-1820) پادشای بەریتانیای مەزن و پاشای ئێرلەندایە.*
*3- مەبەست هەرێمی کوبێکە لە کەنەدای ئێستا.*
*4- کۆیاسا واتە چارتەر (charter)*